## پێناسەی رۆمان :

رۆمان وا ناسراوە کە چیرۆکێکی خەیال ئامێزەو بە شێوازی پەخشانێکی درێژ دەنوسرێ ،یاخود حیکایەتێکی درێژ چەندین لاپەرە دەگرێتە خۆ ،وێنەی چەندین کەسایەتی و هەلس و کەوتیان و روداوی جیا جیا لە خۆ دەگرێ ،لەناوەرۆکدا باس لە واقعێك دەکات بەلام بە کەسایەتی خەیالی و چنینێکی ئالۆز دەخرێتە روو،ئەگەر چی کەسەکان و هەلوێستەکان خەیالین بەلام واقعی میللەتێکە یان کۆمەلگایەکە،یان کەسێکی ناودارو دیارە لەبەر ئەوە زۆر لە زانایان دەلێن رۆمان شێوازێکی ریالیستیە،چونکە لێکچونێکی بنەرەتی لە نێوان کەسە خەیالیەکان و کەسە واقعیەکاندا هەیە ، ئەوە یەکێکە لەو خالانەی کەوا رۆمان لە داستان جیا دەکاتەوە ،بەشێوەیەکی فراوان زمانی رۆمان لە زمانی رۆژانەی خەلك نزیکە و جیای دەکاتەوە لە جۆرە ئەدەبیەکانیتر ، شێوازی گێرانەوەی تێدا زالە کە جیایە لە دراماو شانۆ ،لەگەل ئەوەشدا هەندێ جار شێوازی خستنەروی شانۆی تێدا دەبینرێ،بەلام گێرانەوەی زیاتر تێدا زالەن لە گێرانەوەی حیکایەتێك نیشاندانی چەندین وێنەی جیا جیای تێا هەیە، لایەنێکیتری رۆمان کە جیای دەکاتەوە لە رەگەزەکانیتری ئەدەب هونەری چنینەکەیەتی ،کە لەسەرچاوەی ئاسایی و لاساییکردنەوە وەرنەگیراوە،بەلکو داهێنانی نوسەرە بەتەنیا ،وێنەکێشانی روداوەکان وا لە خوێنەر دەکات کەوا بەراوردێك بکات لە نێوان خۆی و کەسی نێو رۆمانەکە بەهۆی رۆمانەوە زانیاریەکی فراوان دەست خوێنەر دەکەوێت بەتایبەت لەبارەی کەسێتی پالەوانی رۆمان ئەو پێناسەیەش زیاتر رۆمانەکانی سەدەی نۆزدە دەگرێتەوە جیایە لەو رۆمانانەی کە بە شێوازی هۆنراوە وەك حیکایەتێك گێردراوەتەوە ، یاخود نوسرابێت لە بارەی پالەوانێتی و شۆرەسواریەوە ،سیمایەکیتری رۆمان درێژیەکەیەتی کە پێی دەناسرێتەوە،تێروانینی نوسەرە بە رامبەر بە ئایین بە مرۆڤ بە گەردون ..تد، بە شێوەیەکی دارێژراو بە پێی بنەمای کات و شوێن و کارەکتەرەکان دەنوسرێ، ئەمە پێناسەیەکی گشتیە بۆ رۆمان بەلام لەگەل ئەوەشدا چەندین پێناسەیتر هەیە بۆ رۆمان بە پێی شێوازی دارشتنی دەقەکە لە لایەن نوسەرەوە .

## مێژو و سەرهەلدانی

هەر لەگەڵ دەرکەوتنی نوسین گێرانەوەی روداوە خەیاڵیەکان سەریهەڵداوەمرۆڤ بەردەوام بە گێرانەوە باسی لە ژیانی رۆژانەی رابردوی کردوە،ئەگەر گێرانەوەکە بە نوسین بوبێت یان زارەکی بوبێت ئنجا بە پەخشان بوبێت یان هۆنراوە، وەك وێناکردنی ژیانی خواوەندەکان و پاشاو قارەمانە ئەفسانەییەکان،کە ژیانیان لە ژیانی راستەقینە نەچوە ،ئەو شێوە دەربرینانە سیمای رۆمانی ئێستایان تێدا نەبوە ،چیرۆکەکانی سەدەکانی ناوەراست لە فەرەنسا کە باس لە کۆشك و تەلاری پاشاکان دەکات،ئەو روداوە خەیالیانە لەسەر دەستی کەسێتی خەیالی دەخرانە روو، وشەی رۆمان دەگەرێتەوە بۆ لای گریك و رۆمانەکان ،باسیان لە هەندێك سیمای مێژویی و ژیانی تایبەتی پالەوانە ئەفسانەییەکان دەکرد ،بەشێکی ئەو گێرانەوانە بە شێوازی هۆنراوە دەنوسران لە ناوەرۆکیشەوە باسی لە دەستکەوت و سەرکەوتنی قارەمانەکان و خواوەندەکان دەکرد ،وەك چیرۆکەکانی (ئەلیازەو ئۆدیسا) ی هۆمەر ،گریکەکان هەندێ جار چیرۆکی خەیالی و درێژیان دەنوسی وەك روداوە دلتەزێنەکان و چیرۆکەکانی عەشق یان چیرۆکە شوانکارە ییەکان ، رۆمان لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەراست بەشێوەی چیرۆکی سوارچاکی و خەیالی پالەوانی دەرکەوت وەك باسکردنی مەلیکی ئینگلتەرە (ئارسەر)، لە ئیسپانیاش لەناوەراستی سەدەکانی شانزە چەند کارێکی شێوە گێرانەوە دەرکەوت ،رۆمان لەکاتێکدا سەریهەلدا کە دۆخی روناکبیری لە کەلەپوری کلاسی و کەلەپوری سەدەکانی ناوەراست تەواو دابرابوو بەلام رۆمان کە بەشێوەیەکی ئەدەبی و هونەری دەرکەوت دەگەرێتەوە بۆ ئەدەبی ئینگلیزی لە ناوەراستی سەدەی هەژدە ،رەخنەگران پێیان وایە کە (دانیال دیفۆ) یەکەم رۆماننوسی ئینگلیزی بوە، توانیویەتی بە چنینێکی جیا بنوسێ وەك رۆمانی (رۆبنسن کرۆسۆ ) کە لە ١٧١٩ نوسیویەتی لەگەل رۆمانی (فلاندرز)کاتێك باس لە روداوی ژیانی کەسانی ئاسایی دەکات ،دوای ئەویش (صامۆئیل ریجاردسن) کە بە چنینێکی جیاواز رۆمانی (تۆم جۆنزی زۆل)ی نوسی لە ١٧٤٩ تێیدا باس لە ژیانی منالێکی هەتیو دەکات ،رۆمانی (تریسترام شاندی) لە ١٧٦٧ نوسی باس لە یادگاریەکانی کەسێك دەکات دەردەکەوێت کە (دیفۆ) و (ریجاردسن) یەکەمین دوو گەورە نوسەری ئەدەبی ئینگلیزی بون رۆمانیان لە ئەفسانەو مێژو و خورافیاتی ئەدەبی کۆن رزگارکرد، شێوەی لاساییان بەکار نەهێنا وەك نوسەرانی یۆنان و رۆمان ، لە دوای ئەوان نوسینی رۆمان رێبازێکی

تایبەتی وەرگرت و بوە پەیرەوێك لە نوسینی رۆمان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە جۆرە رۆمانێکیتر سەریهەلدا پێی دەوترا رۆمانی (قوتی)کە پربوە لە (سازدان و ترس و وروژاندن) وەك رۆمانی (فرانکشتین) لە ١٨١٨ (ماری شیلی) نوسیویەتی ، لە دوای ئەوانیش لەسەدەی نۆزدە لە روسیا دووگەورە نوسەری رۆمان دەرکەوتن (لیو تولستوی )و( فیودور دستوفسکی) ،سەر بەقوتابخانەی ریالیستی بون ،(تولستوی) خاوەنی رۆمانی (شەرو ئاشتی ) بوولە سالی ١٨٦٩ نوسراوە باسی لە هێرشەکانی نابلیون کردوە باس لە چینەکانی ئەوکاتەی روسیا دەکات ، رۆمانی (ئانا کارنینا) ی نوسی لەسالی ١٨٧٧ چیرۆکێکی خۆشەویستی تراژیدیە ، (دستوفسکی) رۆمانی (سزاوپاداشت) ی نوسی لە سالی ١٨٦٦ لە بەریتانیاش نوسەری رۆمانسی (والتر سکوت)خاوەنی چەندین رۆمانە لەوانە رۆمانی (ویفرلی) لە سالی ١٨١٤ نوسیویەتی ، لە سالی ١٨١٩ رۆمانی (ئیفانهۆی) نوسیوە ،زۆربەی رۆمانەکانی باس لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دەکەن ، لە فەرەنساش رۆمان نوسی بەناوبانگ (ستاندال) لە رۆمانەکانیدا باس لە لایەنی دەرونی کەسەکان دەکات وەك رۆمانی (مدام بوفاری) کە لە سالی ١٨٥٦ نوسیویەتی ،هەروەها قوتابخانەی سروشتی داهێنا و بوە رێچکەیەکی گرنگی ئەدەبی ، رۆمانی (جریمبال)ی نوسی لە سالی ١٨٨٥ تێیدا باس لەو کەسایەتیانە دەکات کە لە دەرەوەی بارودۆخێکی نەویست دەژین ،لە ئەمریکاش چەندین رۆماننوسی بەناوبانگ سەریانهەلدا وەك (ناتانیل هۆپۆرۆن)کە بە شێوازی رەمزی دەینوسی ،وەك رۆمانی (پیشە قورمزیەکان) لە سالی ١٨٥٠ نوسیویەتی ،لە دوای ئەو سەردەمەش رۆمانی نوێ سەریهەلدا دارشتن و چنینیان جیا بوو لە رۆمانەکانی پێشوتر نبەتایبەت کاریگەریەکانی گۆرانکاری دوای جەنگی یەکەم و دوەم ن (جۆزیف کونراد)ی بە رەچەلەك پۆلەندی لە سەرەتای سەدەی بیست لە رۆمانی ( نوسترومو) لە ١٩٠٤ باس لە خۆپەرستی مرۆڤ توندو تیژیەکان دەکات ، (جیمس جۆیس) لەو سەدەیە رویکردە شەپۆلی هۆش وەك لە رۆمانی (یولیسیز) لە سالی ١٩٢٢ باس لە داروخانی کەسێتیەکان دەکات ،(کافکا) بە رەچەلەك چیکی و بە زمانی ئەلمانی دەینوسی و تێکشکانی کەسێتیەکان دەخاتە روو لە سایەی حکومەتە بیرۆقراتیەکانی ئەو سەردەمە وەك رۆمانی (دادگایی) کە لە ١٩٢٥ نوسیویەتی ،کەسی رۆمان هەست بە زولمێکی زۆر دەکات بەرامبەر بە کەسەکانیتری نێو رۆمانەکە بە هۆی واسیتەو بەرتیلەوە ، لەو سەردەمە وجودیەت سەریهەلدا وەك لە

ڕۆمانەکانی (توماس مان) ی ئەلمانی کە لە ڕۆمانی (چیای ئەفسوناوی) نوسیویەتی لە سالی ١٩٢٤ ،ئەو بزوتنەوەیە کاریکردە سەر ئەدەبی فەرەنسیش وەك بزوتنەوەیەکی فەلسەفی، بۆ نمونە ڕۆمانەکانی (سارتر) بەناوی (ڕشانەوە ) لە سالی ١٩٣٨ نوسیویەتی (ئەلبیرت کامو) ڕۆمانی (نامۆی) نوسیوە لە سالی ١٩٤٢ ،لە دوای جەنگی جیهانی دوەم شێوازێکی نوێ ی ڕۆمان سەریهەلدا لە فەرەنسا بەناوی تازەگەریەوە ، نوسەرانی ئەو شێوازە ڕۆمانە چنینی کۆنی ڕێکخستنی (کات و شوێن و کەسەکان) یان ڕەتکردەوە و بایەخیان بە گرنگی ڕوداوەکان دەدا لە دیاریکردنی کاریگەریەکان لەوانەش (ئالان ڕۆب) و (صمۆئیل بیکیت) ، لە شەستەکانی ئەو سەدەیە بە دواوە ڕۆمان شێوازێکیتری وەرگرت ئەویش شێوازی ڕوداوی ڕاستەقینەو وێناکردنی بوو، لای عەرەبەکانیش ئەو شێوازە وەرگێردرایە سەر زمانەکەو نوسەری عەرەب بەم شێوەیە دەستی دایە نوسینی ڕۆمان ،چەندین نوسەر دەرکەوتن وەك (عبدالحمید جودە و یوسف السباعی و ئیحسان عبدالقدوس و نەجیب مەحفوز کە خاوەنی ڕۆمانی زقاق المدق و خان الخلیلی بوە)، دواتر ڕۆمان بەو شێوازە نوێیەوە گەیشتە لای میللەتانی ڕۆژهەلات بە گشتی .

## جۆرەکانی ڕۆمان

ڕەنگە پۆلینکردنی ڕۆمان کارێکی وا ئاسان نەبێت ،بەلام خوێندنەوەو تێگەیشتنی ڕۆمانئاسان نابێت ئەگەر خۆی لە یەکێك لە جۆرەکاندا نەبینێتەوەو دەرنەکەوێت (ریجاردسۆن) دەلێت دەشێت کەسێك لەڕۆمانێك تێبگات تا ڕادەیەك بەلام بەشێوەیەکی دروست نا ، چونکە ئەگەر لەپێشتردا شارەزایی لەو جۆرە دابەشکردنانە نەبێت بە دروستی لە مەبەست و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ناگات ،لەبەر ئەوە مەترسی تێگەیشتن لە خوێندنەوەی ڕۆمانێك زۆرتر دەبێت کە لە سەردەمێکی پێشتر نوسرابێت ،دابەشکردنی ڕۆمانیش بە پێی مێژوو شێوازی هونەری چنینەکەیەتی ، ئەو دوولایەنەی کاریگەریش لە سەر دابەشکردنی ڕۆمان زۆر بە ئاسانی لە یەك جیا ناکرێتەوە بەلکو تێکەلن و لەسەر ئەو بنەمایانە ی خوارەوە دابەش دەکرێت :

## THE PICARESQUE NOVEL: **رۆمانی لانەوازان**

**وشەی (پیکارۆ)لە ئیسپانیەوە هاتوە بە مانای لانەواز دێت ،ئەو جۆرە رۆمانە باس لە چیرۆکی بێ سەرپەرشت و لانەوازەکان دەکات ،کەسێتی لانەواز وا کە دژ بە یاساکانی کۆمەل و رەوشتە ، وەك دزیکردن و دەرۆزەوگەڕان بە کوچەو کولان ، تێروانینی کەسەکان بۆ دیاردە کۆمەلایەتیەکان گالتەجاریە، دور دەکەوێتەوە لە نەریتە گشتیەکان ،دروستبونی ئەو جۆرە کەسێتیەش رەخنەگرانی سەدەی شازدە دەیگێرنەوە بۆ شێواوی باری کۆمەلایەتی سیستەمی دەرەبەگایەتی،لەو جۆرەیان روداو بنەمای سەرەکی چنینی رۆمانەکەیە ،کەسێتی ئەو جۆرە رۆمانە بەهۆی بارودۆخەکە هەموو نەریتەکان دەشکێنێ لە پێناو ژیانیدا ، لایەنی ئابوری و کۆمەلایەتیەکان دەبنە هۆی دروستبونی ئەو جۆرە کەسێتیە ،نوسەر هەولدەدات پەنجە بخاتە سەر هۆکارەکانی ئەو دروستبونە خوێنەر بێنێتە سەر رێگای رونکردنەوەو وەلام ...**

## رۆمانی مێژویی:

**ئەو جۆرە رۆمانە باس لە کەسایەتی و روداوی مێژویی دەکات ،ئەگەرچی هەندێ جار باس لە کەسایەتی خەیالی دەکرێت بەلام کەسایەتی ئەو جۆرە رۆمانە بە زۆری واقعین ، لە زۆربەی شێوەکانیدا وەسفێکی دورو درێژی رەوشت و هەلسوکەوتە مێژوییەکانە ،وێنەی ساختمان و شوێنی روداوەکان لە وێنەیەکی مێژوییدا دەخاتە روو، ئامانج لەو شێوە رۆمانە گواستنەوەی هەستە مێژوییەکانی مرۆڤە بە پێی سەردەمەکانی ژیانی کەسی پالەوان لە نوسەرانی ئەو جۆرە رۆمانە لە بەریتانیا (والتر سکوت) ناوداربوە ،بە زمانێکی سادەو میللی دەنوسرا ،هەروەها (بلزاك)ی فەرەنسی و (تۆلستۆی) روسی و (لیۆپۆلد ڤۆن رانك)ی ئەلمانی، لەو جۆرەدا زیاتر گواستنەوەی واقعێك بوە نەك وەك شێوازێکی رەخنەیی لە بوارێکدا ، بابەتەکانیش زۆرتر باسی رابردو و باسی پالەوانەکانی مێژوی رابردوە،بەستانەوەی رابردو بەروداوەکانەوە بوە لە پێناوی خستنە رویان بۆ ئێستا ،هەندێ جاریش وەك فێرکردن بەکارهاتوە کاتێك باس لە سیفەتی پالەوانە مێژوییەکان کراوە وەك وێنەیەك بۆ ئەمرۆی خوێنەر بەشێکی ئەو رۆمانانە زمانی دارشتنیشی شێوازێکی میللی و سادە بوە وەك هەزارو**

يەك شەوە بۆ گەياندنى رەوشتەكانى ئەو سەردەمە وەك وانەيەك بۆ گواستنەوەى پرنسيپەبەرزەكان .
رۆمانى مێژويى وەكو ژانر بەبەردەوامى پەرەى سەندوە ،رۆماننوسى ئينگليزى(جيل پاتون)پێيوايە رۆمان ئەو كاتە دەبێتە رۆمانى مێژويى كە هەموى يان بەشێكى زۆرى لەبارەى روداوە مێژوييەكانەوە دەشێ كارەكتەرەكانى كەسانى مێژويى راستەقينە بن وەكو رۆمانى (كلاوديەس)لە نوسينى (رۆبرت گراڤس)لە سالى ١٩٣٤ نوسراوە ، يان تێكەلاوبن لە كەسانى مێژويى و خەيالى بۆ دەرخستنى كاريگەرێتيان لە روى مێژوەوە

**رۆمانى نامە**

ئەو جۆرەيان وەك شێوەى نامە ئالوگۆردەكرا لە نێوان كەسەكانى نێو رۆمان وەك كارەكتەرى كەسانى دەستڕۆيشتو يان دوو خۆشەويست ،ئەو جۆرەش بە زۆرى لە سەدەى هەژدە پەيرەو كراوە ،وەك رۆمانى نامە كلاسيكيەكان كە لە دوو رۆمانى (كلاريس)ى سامۆئيل ريجاردسۆن و رۆمانى (ئيفلينا)ى فانى بيرنى دەبينران ،گرنگى ئەو جۆرە رۆمانەش لە كۆمەلگەى ئينگليزى سەدەى هەژدە دەركەوتبو ،چونكە نوسين ئەو كاتە تايبەت بوە بە خەلكى فێرخوازو رۆشنبيرەكان،خەلكى گشتى پەى بەو جۆرە خوێندنەوەو نوسينە نەبردوە،وەك نامە گۆرينەوە وابوە ،هۆيەكانى گەياندن ئەوكات لاواز بوەجگە لە نوسين كەرەستيتر نەبوە،لە رۆمانى (كلاريسا) باس لە كەسێتى( بيلفيد) دەكات كاتێك بۆ (ڤليس) دەنوسێت لە بارەى (كلاريسا) ،لە رۆمانەكە دەردەكەوێت كەوا (ريجاردسۆن ) تێروانينى خۆى نيشاندەدا دەربارەى ئەو نامانەى نێوان كەسەكان و هونەرى نوسينەكانيان، ئەوەش نيشاندەدا كەوا كەسەكان دوربون بۆيە بە شێوەى نامە بۆ يەكتريان نوسيوە ،پالەوانەكانى رۆمانەكانى ريجاردسۆن بەزۆرى لە مەنفاو جێگەى داخراو بون بەلام دەبوايە كاغەزو قەلەميان لابوايە يۆ ئەو نوسينانە،كاتێك ٠كلاريسا) بۆ دەستەخوشكى خۆى (هاو) دەنوسێ بەم شێوەيە :(لە راستيدا ئازيزەكەم من نازانم چۆن واز لە نوسين بێنم ،چ كارێكيترم نيە جگە لە نوسين بۆيە هەر نامە دەنوسم ئەگەر نەشيانێرم) ، ئەو جۆرە نوسينە لە رۆمانەكەى (باميلا)ى ريجاردسۆن رەخنەى لێگيرا لە لايەن (هنرى فيلدينغ) چونكە قارەمانى رۆمانەكە كە بەردەوام بوە لە نوسينى نامەكە لەو كاتەدا پياوێك بە زۆر

دەچێتە سەر جێگاکەی کە ناشێت لە گەل روداوەکە ،لە دوای سەدەی هەژدە ئەو جۆرە رۆمانە نامەییانە سودی هەبوە بۆ نوسەرانی رۆمان وەك خونەری گێرانەوە بەکاری بێنن، ئەوەش وایکرد کە نوسەرانی نوێخواز پابەند نەبن بەو شێوازە هونەریەی چیرۆك کە تەنیا باس لە روداوێك بکات ، بەلکو بوە بناغەیەکیش بۆ هونەری گێرانەوەلە رۆمانەکانی دواتر .

## رۆمانی ناوچەیی:

مەبەست لەو جۆرە رۆمانە ئەوەیە کە باس لە روداوەکان بکات تایبەت بە ناوچەیەك یان شارێك یان گوندێك ، واتە لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو بێت ،وەك لە بەرهەمەکانی رۆماننوس (تشارلز دیکنز) لە زۆربەی رۆمانەکانی باس لە شاری لەندەن دەکات،رۆمانی (یۆکنا پاتاوافا) ی (ولیم فۆکنر) باس لە چەند ناوچەیەکی تایبەت لە ئینگلترە دەکات و لە ولایەتە یەکگرتوەکان دەکات ، دیارە ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە نوسەر خۆی لەو ناوچانە ژیا بێت یان شارەزاییەکی باشی لە روداوەکانی ئەو ناوچانە هەبێت ،لە گێرانەوەی سەرکەوتو بێت ، لەو جۆرە رۆمانە مەبەست کارکردنە لەگەل بنەماکانی رۆمان(کەس،روداو،شوێن،کات) بۆ نمونە ئەگەر باس لە شوێن بکرێت دەبێ بزانرێت شوێنەکە لەو ناوچەیە چیە وەك (دەریا ،دارستان،چیا ، دەشتایی و روبار...تد) ئەگەر باس لە روداو بکرێت وەك( شەرو ئاشتی،لافاو،مردن و ژیان....تد) ئەگەر باس لە کەسیش بێت دەبێ قارەمانەکە لە ناوچەکە ناسراو و دیار بێت وەك (کەریم خانی زەند، شێخ مەحمود وەك باسکردنی هەلسوکەوتی و سیفاتەکانی....تد) یان کەسەکانی نێو چیرۆکەکانی مەکسیم جۆرجی کاتێك باس لە دزێك دەکات لە ژینگەی روسیا لە لانەوازان کە سروشتی دەخاتە روو جیایە لە کەسێتیەك لە فەرەنسا ،یان فیکتۆر هۆگۆ کە لە لانەوازان باس لە جان جالجان دەکات جیایە لە کەسێتیەك لە نێوان ئەفریقیاو ئەوروپا،یان نێوان ئاسیاو ئەمریکا، ئەگەر کاتیش بێت ئەوە مێژوێکی دیار بێت وەك کیمیا بارانی حەلەبجە،ئەنفال ،خۆپیشاندانەکان...تد) ،بەو شێوەیە دەبێ ناوچەکە رەنگبداتەوە لە نێو رۆمانەکەدا .

## ڕۆمانی هەجو

تا ئێستا وازانراوە کە دیاردەی هەجوو لە دەقی هۆنراوەدا هەبێت بەلام جۆرێك ڕۆمان دەرکەوتوە کە هەجوو پانتاییەکی زۆری لێگرتوە ،ئەوەش پەیوەستە بە خەیالی پالەوانی ناو ڕۆمان بەرامبەر بە کەسانێ کە نوسەر وێنەیان دەکێشێ ئەم شێوازەش لە نێو ڕۆمانە کۆنەکاندا بەدیدەکرا بەشێوەی هێرش بردنە سەر و وتەی ناشیرین بەرامبەر بە کەسێك یان کۆمەلێك دەردەبراکە پربێت لە رق و کینە ،وەك پالەوانێك بۆ دوژمنەکانی یان شۆرشگێرێك بەرامبەر بە داگیرکەرەکانی ،ئەگەر سەیری ڕۆمانی(مغامرات هکلبری فین) ی مارك توین بکەین دەتوانین ئەو دەربرینە ببینینکە چۆن ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدە ئەو تەکنیکەی هەجوولە شێوەیەکی تازەدا بەکار بێنێ کە لە واقیع نزیك بێت هەجوو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو هێرشانە دەبات کە نوسەر لەسەر زاری پالەوانەکەی دەیخاتە روو کە سەکان لەوێنەیەك نیشان دەدات،ڕۆمانەکەی مارك توین کە لە ١٨٨٤ بلاوکراوەتەوە بە گەورەترین ڕۆمانی ئەو جۆرە دەژمێردرێ لە ئەمریکا،ئەو جۆرە ڕۆمانە کە بە زمانێکی ڕۆژانەی گشتی خراوەتە روو لە شێوازێکی میللیدا ،تێیدا باس لەو کەسانە دەکات کە لەسەر لێوارەکانی روباری میسیسیبی دەژیان ،وەك رەخنەیەك و هێرشێك بۆ سەر کۆمەلگای ئەمریکی پێش شەری ناوەخۆ لەو ولاتە ،ڕۆمانەکە رەخنەیەکی توندە لەو سەر دەمە بە تایبەت لە روی جیاوازی رەشپێست و سپیەکان ،وێنەی (هاك) و هاورێکەی(جیم) کە لەدەست گەورەکەیان رادەکەن لە رێگەی روباری میسیسبی ،جوانترین ئازادبونە لە کۆیلەیەتی دەنگی دایەوە لە ئەدەبی ئەمریکی ، هەرچەندە رەخنەی زۆری لێگیرا لەلایەن رەخنەگرانەوە لەبارەی زمانی نوسینەکەی و ئەو وێنانەی جیاوازیەکانی نیشان دەدا .